# مەلا كرێكارو وەهمی خۆ بە هەق زانین:

نووسینی: دەربازی باڵەک

"تۆڵەی هەڵەبجەو خورماڵ
توند تر دەبێ ساڵ بە ساڵ
تۆڵەی هەموو بادینان
دەستێنین لە بێدینان
هەڵادن و سەر گەڵو
لە تۆڵەیان داین هەموو"

ئەمە پارچەیەکە لەو شیعرەی مەلا کرێکار لە زووەوە نوسیویەتی. ئەو کاتەی کە هێشتا هەندێک کاریگەری زولم و زۆری بەعسی لەسەر مابوو. لە دووتوێی ڕاگەیاندنە سەیرو سەمەرەکانی ئەم دواییانەی بە پێویستم زانی ئەم چەند وتانەی ئاڕاستە بکەم:

تۆم بینی کە لە بەرامبەر دیمەنی کوژراوەکانی خێڵی حەمەدا پرسیاریان لێ کردیت: ئایا خەفەت ناخۆیت بەو دیمەنە؟؟ تۆش بە خۆشیەکەوە گوتت: جوانترین دیمەن بینیبێتم ئەو دیمەنەیە، ئەوان خەڵک دەکوژن ئاواش دەکوژرێن.

تۆم بینی کە گوتت: ئەوانەی خۆ دەتەقێننەوە جوانترین یا باشترین بەرهەمی جیهادە. تۆشم بینی کە زۆر بە سادەیی دەڵێی ئێمە هیچ پەیوەندیەکمان لەگەڵ سەددام دا نیە.

لێرەدا دەمەوێ هەندێک لە بەرامبەر قسەکانت بوەستم و دوا وێستگەی بەتاڵ بوونەوەتان لە هەموو عەقلانیەتێک و بڕواداریشتان دەسنیشان بکەم.

ئەوە تۆ نیت لە زوێکەوە شیعاری تۆڵەی هەڵەبجەو خورماڵ و بادینانت لە مل گرتبوو، خۆت بە ڕزگار کەری گەلەکەت دەزانی. ئەوە تۆی ئەمڕۆ لە جیاتی ببیتە ئەو ڕزگار کەرە یا ئەو ڕەحمەتەی کە قورئان باسی لێوە دەکا تۆ ببیتە سەرچاوەی دڵە ڕاوکێ و نەبوونی هێمنی و ئارامی لەو دەڤەرە ئازادەی کە ساڵەهایە کورد خەونی پێوە دەبینی.

تۆ لە گۆڕەپانی سیاسەت دا بەزی. ئەو مرۆڤەی بۆ ئامانجی سیاسی پەنا بۆ چەک دەبا بەزیوە. هەروەکو هەموو پەنابەران بۆ چەک لە حاڵەتی جیاوازی بیروڕایاندا بەزیوون. تۆ ئەو کەسە نەبوویت کە تۆڵەی هەڵبجە وەربگریت، بەڵکە تۆ ئەو کەسەی کە مەسەلەی پەیوەندیت لەگەڵ سەددامدا ڕەد دەکەیتەوە.

ئەوەش زۆر بە سادەیی ئەوە دەگەیێنێ ئەگەر لە پەیوەندیشدا نەبیت لەگەڵ سەدداما ئەوا لە هەمان بەرە دایت لە گەڵ ئەودا، یا لەگەڵ ئەوانەی کە لاریان نیە لەوەی بەرەی لەگەڵ دا ببەستن.

تۆ خۆت لەوەتی لە وڵاتی ئەفغان گەڕاویتەوە، پەیامی ناڕەحەتی و ئاژاوەت لە کوردوستان هەڵگرتووە، نەک لەبەر ئەوەی خەڵکی تر ئاژاوەچی نین، بەڵکو لەبەر ئەوەی تۆش ئاگری ئەو ئاژاوەیەت خۆش کردووەو نەشبویتە ئەو پاڵەوانەی کە ئاژاوە لە ناو ببەن یا ئاسوودەیی بە خەڵک ببەخشن.

www.kurdistannet.org

له بەرامبەر دیمەنی مردن کەس دڵی خۆش نەبووەو ناشبێت، ئەوەتا چەندەها سەحابە بۆ کوژراوەکانی شەڕی موشریکەکان دەگریان، هەر یەکەو لەبەر هۆیەکی تایبەت، هەبوو لەبەر ئەوەی کوژراوەکە باوک و براو کوس و کاری بوون. هەیش بو لەبەر ئەوەی بڕوای وابوو ئەو کەسە ئەگەر لەو شەڕانە نەکوژرابا بۆی هەبوو سبەی ڕۆژ ببێ بە پشتیوانیەکی گەورە بۆ ئیسلام و سەحابەکان. یا کوژراوەکە بە لایانەوە مرۆڤێکی ئاقڵ و دانا بووە. یا هەر دڵی بە کوژران خۆش نەبووەو حەزی کردووە قەومەکەی بێ گیروگرفت مسوڵمان ببن.

خۆ ئەوەش هەر زۆر گرنگە کە پێغەمبەر دەڵێ: خوایە بەزەییت بە گەلی من دا بێتەوە چونکە ئەوان نازانن یا تێناگەن.

باشە تۆ هونەری چەکدارێکی ئەو زەمانیشت تیا دا نەبوو کە بەزەییت بە کوژراوێکدا بێتەوە، یا تێبینی ئەوە بکەی کە یەکێک لە دایکی ئەو کوژراوانە لەوانەیە نوێژ بکات و دڵی زامدار نەکەی، وای لێ نەکەی ڕقی لێتان بێتەوە.

خۆ ئەو کوژراوانە لە زیممەتی خودا دان، ئیتر ئێوە کوشتتانن بەڵام حیسابیان لەسەر ئەوە، تۆ چۆن لە قەبریشدا وازیان لێ ناهێنی. تۆ هەرگیز خاوەنی ئەو بڕیارە نیت لە جیاتی خودا گیانی خەڵک بەرەو دۆزەخ یا فەنا بەرن.

تۆ لە جیاتی ئەوەی بە گەلەکەت بڵێیت خوایە گەلەکەم ببەخشە نازانێت، تۆ دەبیتە بەربەست لەبەر دەم ئازادی و داخوازیە ڕەواکانی و بۆ دواجار بەرژەوەندیەکانتان یەک دەگرنەوە لەگەڵ تاغوتی بەغدا.

ئێوە چیتان دەوێ لە کورد؟؟ دەیان عەرەبتان بەدوا خۆ داوە، بیوورە بە دوای چەند عەرەبێک کوتوون، کە لە زێدو ماڵ و حاڵی خۆیان فەشەلیان هێناوە، لەوانەشە مەبەستیان نیە وەکو تۆ خەڵکی خۆیان بکوژن، ئەوانە چیان دەوێ؟؟ خۆ دەزانی ئەو دەوڵەتە ستالینیەی کە بانگەوازی بۆ دەکەن لەو هەڵومورجە نێودەوڵتیانەدا نە لە کوردوستان و نەلە هیچ کوێیەکیش بۆتان دروست نابێت و دانا مەزرێت، چونکە ئەوە نەبوو ئیمارەتێکتان دامەزراند، کە مەگەر ئیمارەتە زووەکانی جەزیرەی واقواقیش ئەوەندە دواکەوتوو بوون، پێم وایە ئەو نموونەیە لە هیچ سەردەمێکی مێژووی ئیسلامەتیدا وجودی نەبووە، بۆیە ناشزانم هی چ زەمەنێکە بە سەهوو کەوتبووە ئەو زەمەنەی ئێمە، مەگەر هەر لە ئەفغانستان بوەشێتەوە، ئەو ئەفغانستانەی کە ساڵەهایە دوایی کشانەوەو بەزینی شۆڕەوی قوربانی عەقلی سەلەفی و ململانێیە ناشەرعیەکانیانە!! خۆ باش دەزانی نە ئەو نمونەیە و نە هیچ نموونەیەکیش نە لە کوردستان و نە لە عیراق و نە لە تەوێڵەو بیارەش دانامەزرێن!! دەشزانی ئەو هەموو قەڵا پتەوانەی ئەفغانستان لە تروکانی چاوێکدا ڕوخان، قەڵا وەهمیەکەی ئێوە دەبێ خۆڕاگری چەند بێ؟؟؟

زۆر بیر لە حیکمەتی ئێوە دەکەمەوە، دەبێ ئێوە و حیکمەتی دووربینیتان لە کوێ بگیرسێتەوە، دەبێ بە حەقیقەت ئامانج و خواستی ئیسلامیتان چی بێت؟؟ کە کوردستانی بۆ ئالۆزوو کاول بکەن.

بۆ ئێوە ببنەوە بە مەلاییکی تری خەتێ، سەیر لەوە دانیە کە مێژوو دووبارە بکەنەوە؟؟ سەیر لەوە

دانیه هەتا ئەژنۆ لە وەهم ڕۆ چوون؟؟ سەیریش لەوە دایە کە ئەو وشانە بخوێنیتەوە بڵێی دەبێ چ مرۆڤێکی بێ ئاگا نوسیبێتی؟؟

نا نا تۆ لە غرور دا ڕۆ چوویت، تۆ هەڵبجە ڕزگار ناکەیت، تۆ وا لە سەنگەری سەددامدا لە دواوە ئاگری دەدەیتەوە، فرمێسک دەخەیتەوە سەر ئەو چاوانەی کە چەند جار فرمێسکیان ڕشتووە، دوێنێ لەبەر سەددام و ئەمڕۆش لەبەر هاوسەنگەرەکانی. ئەی بۆ لە ژێر سێبەری غەربی کافرا قنیات دەدەن و غەربی کافر ئەمانتان پێ دەبەخشێ، یا داوای پەنابەری لێ دەکەن، بەڵام ئێوەی بەناو مەهدیەکانی زەمان گەلی خۆشتان ئەمانی نیە لە دەستتان؟؟ ئەگەر ئەو ڕەحمەتەی ئێوە باسی لێوە دەکەن لەسەر جەستەی ئەو کوژراوانە بێت کە لەگەڵتانا کۆک نەبوون، ئێوەش بیان کوژن، ئەوا موژدە بێت بۆ ئێوە کە هەمان ئەو بەناو ڕەحمەتە غەزەبێکەو دواتان دەکەوێت، بەڵکو خودای ڕەحمەت ئەو ساتە تەنها ئەو ساتە تووڕە دەبێ و نقومی غەزەبی خۆیتان دەکات.

دوا چارەنووستان ئەوە بوو کە لە جیاتی ئەوەی ببنە لە ناوبەری سەددام، ڕۆیشتنتان لەگەڵ سەددام مسۆگەر بێت، یا مێژووتان پەیوەست بێت بە مێژووی سەددام، بە مێژووی ئەو خودسەرەی کە ساتێک سۆزو بەزەیی نەهاتۆتەوە بە گەلەکەت. هەروا ئەو عەرەبانەش کە بە موجاهیدیان دەزانن و بە پێشی خۆتان داون، بە دووری مەزانە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان سەربازی دڵسۆزی سەددام بووبن و ئێستاش چاوی ڕاستی موخابەراتی ڕژێم بن و بە هاوکاری ئێوە بزانن یان نا، بتانەوێ یان نا کوردستانتان پێ کاول دەکەن ومناڵی کوردتان پێ یەتیم دەکەن. ئا ئەوەشە چارەنوسی غرورو خوێندنەوەی دونیا لە دووتوێی حیساب نەکردن بۆ کەس و خۆ بە حەق دانان و ڕەش و ڕووتی زیاتر لە ملیارێک مسوڵمانیش بە نا حەق. پیرۆزتان بێ پەیوەست بوونی چارەنووستان بە چارەنووسی سەددام.

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە. لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 15-1-2003

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت